# ئافرەتانی خاوەن پێداویستی تایبەت

## دەخوازن پەراوێز نەخرێن و ئاوڕێک لە خەونەکانیان بدرێتەوە




شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئافرەت لە پێشەنگیی کۆمەڵگەدا ڕۆڵێکی لاواز دەبینێ و بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵی خۆی زیاتر بەرجەستە بکات، پێویستە لەگەڵ سیستەمی نەریتسالاریدا ململانێ بکات، بەڵام بەشێك لە ئافرەتان ئاریشەی زۆر قورستریان هەیە، بەتایبەتی ئافرەتانی خاوەن پێداویستی تایبەت کە لە ئاستی جیهاندا گەلێك کێشە و گرفتی جۆراوجۆر ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. بێگومان ئەو ئافرەتانە بە پێی سیستمی حوکمڕانیی هەر وڵاتێك مامەڵەی تایبەت بە خۆیان لەگەڵ دەکرێت و کەم تا زۆر ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە، لە هەرێمی کوردستانیش لە کۆی ١١٠٣٣٧ خاوەن پێداویستی تایبەت ٢٢٤٩٦ کەسیان ئافرەتن. ئەوان خاوەنی ئەو پرسیارەن: ئایا دەسەڵاتی حوکمڕان تا چەند بایەخی بە پێداویستییەکانیان داوە؟ ئەوە تەنیا پرسیاری ئەو توێژە نییە، بەڵکو ئەوان دەخوازن بزانن ئایا حکومەت هیچ پلانێکی هەیە بۆ ئەوەی زیاتر ئاوڕیان لێ بداتەوە، یان تا کۆتایی ژیانیان دەبێت وا هەست بکەن کە پەراوێز خراون و خەونەکانیان بە هەند وەرنا گیردرێ؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.

■

**کاتی ئەوە هاتووە سیستمی خوێندن و تەندروستی و یاسا لەگەڵ پێداویستیی کەمئەندامان‌دا بگونجێندرێت و کۆمەکی تایبەت و ئاسانکاریی تەکنیکی پێشکەش بە کەمئەندامان و خێزانەکانیان بکرێت**

کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٢ ڕۆژی ٣ی دیسەمبەری وەکو ڕۆژی جیهانی کەمئەندامان دیاری کرد و لە ئێستاشدا زیاتر لە یەك ملیارد کەس لە کۆی دانیشتووانی جیهان بەهۆی کێشەی سیستەمی دەروونی، مێشك و بەشێکی جەستەوە بە کەمئەندام هەژمار دەکرێن. لە هەرێمی کوردستانیش یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠١١ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکرا، زۆربەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانیش ڕایانوایە کە لە یاساکەدا چەند بڕگە و ماددەیەکی لە بەرژەوەندی ئەوان تێدا بووە، بەتایبەت لە پرسی زیادکردنی مووچە و دابینکردنی پێداویستی و چارەسەری تەندرووستییان، بەڵام گلەییشیان لەوە هەیە کە یاساکە جێبەجێ ناکرێت. سەرەڕای ئەوەش بەپێی ئامارەکان کۆی گشتی کەمئەندامان لە هەرێمی کوردستان ١١٠٣٣٧ کەسن و زۆرترین ڕێژەشی لە هەولێرە کە زیاتر لە ٤٠ هەزار خاوەن پێداویستی تایبەت لەخۆ دەگرێ، ٢٢٤٩٦ کەسیشیان ئافرەتن.



هەر سەبارەت بەو پرسە چالاکی کۆمەڵی مەدەنی کەوسەر عەباس دەڵێت: «کەمئەندام یەکێکە لەو توێژانەی کە بێ ئەندازە چاوی لە کۆمەك و ئاسانکاریی کۆمەڵگەیە، بەڵام لە سەرجەم وڵاتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا چاوی بەزەیی کۆمەڵگە بەرامبەر بە کەمئەندامان کوێرە، لای خۆشمان تا ئێستا کێشەی خاوەن پێداویستیی تایبەت و کەمئەندامان نەبووەتە کێشەی کۆمەڵگە و بە تەنیا کێشەی خێزانەکەی خۆیەتی».

کەوسەر ئەوەش دەخاتەڕوو کە خوشکێکی خاوەن پێداویستیی تایبەتی هەیە و هەر لەو بارەیەوە بۆ گوڵان گوتی: «من خوشکێکی خاوەن پێداویستیی تایبەتم هەیە و لە نزیکەوە دەزانم ئازار و موعاناتی خێزانی کەمئەندام چییە و باری سەر شانی خێزانی واتا چەند قورسە. بەتایبەتی کەمئەندامانی مێینە، کە تایبەتمەندییەکانیان زیاترە و جگە لەوەی لە ڕووی جەستەییەوە وەك هەر کەمئەندامێکی نێر پێویستی بە هاوکاریکردنە، لە لایەنی دەروونیشەوە پێویستییەکی لە ڕادەبەدەری بە هاوکاری و دڵنەوایی ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگەش هەیە. خێزانێك کە منداڵێکی کەمئەندامی دەبێت، بێجگە لە شوێنەواری دەروونی کە بەر منداڵەکەیان کەوتووە، ڕۆژانە بەرەنگاری دەیان کێشەی قورس دەبنەوە. هەندێك منداڵی کەمئەندام لە وڵاتانی ئەوروپا کە پێداویستی تایبەتیان هەیە، لە بنکە تەندروستییەکاندا بەلای کەمەوە لە شەو و ڕۆژێکدا سێ کارمەندیان بۆ دامەزراوە، بەڵام بەداخەوە لە زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوودا کەمئەندامان مافیان پشتگوێ خراوە و ناهەقی و تاوانیان بەرامبەر دەکرێ، کەمئەندامانی عێراق بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی لەم بێ مافیەدا پشکی شێریان بەرکەوتووە».

کەوسەر ڕایوایە «کاتی ئەوە هاتووە سیستەمی خوێندن و تەندروستی و یاسا لەگەڵ پێداویستیی کەمئەندامانداندا بگونجێندرێت و کۆمەکی تایبەت و ئاسانکاریی تەکنیکی پێشکەش بە کەمئەندامان و خێزانەکانیان بکرێت.»



یاسین جاف بەرپرسی کارگێڕی کۆمەڵەی پەرەپێدان بەتواناکانی لاوانی کەمئەندامی کوردستان، سەبارت بە هەمان پرس دەڵێت: «ژنان بە هەموو چین و توێژەکانیان و بە جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و پلە و پایەی وەزیفیان لەوەی کە ئافرەتن و پێویستە ملکەچی کۆمەڵگە بن، یەك دەگرنەوە، ئەو ژنانە ژنی ماڵ بن، یان ئەوانە بن کە لە دەرەوە کار دەکەن، بەردەوام ئاگاداری خۆیانن لە ترسی ئەوەی نەکەونە بەر تانە و تەشەری خەڵکی بێ ئەزموون و ناتێگەیشتوو و بێ بەزەیی، ژنان لە هەر شوێن و جێگە و پێگەیەکدا بن، پێش هەموو کارێك پێویستە بیر لەوە بکەنەوە کە جێگەی ڕەزامەندی تێکڕای ئەو کەسانە بن کە لە چواردەوریانن و پەیگیر بن بە تێکڕای دابونەریت و خوو و ڕەوشتی ئەو شوێنەی کە ژیانی تێدا دەگوزەرێنن، لە بچووکترین شتەوە تا گەورەترین، ئەمانەش خواردن و جل و بەرگ و هەموو هەڵسوکەوتی ڕۆژانە دەگرێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی لە وڵاتی ئێمە ژنانی لەشساغیش بۆ یەك چرکە بۆ خۆیان ناژین و زیاتر بۆ ڕازیکردن و ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی خێزان و دەوروبەریان دەژین، بێگومان تا ئێرە مەبەستمان لە ژنی ئاسایی و تەواوە کە لە پێکهاتەی جەستەی هیچ کەموکوڕییەکی نییە. ئەگەر ئەمە حاڵی ئەو ژنانە بێت کە هیچ جۆرە کێشەیەکی جەستەییان نییە، ئەی ئەو ئافرەتانەی کە یەکێك لە ئەندامەکانی جەستەیان لە دەستداوە و پێویستیان بە هاوکاری و یارمەتیدانە، دەبێ لە چ کەشوهەوایەکی نادروستدا بژین؟»

یاسین جاف لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لە زۆربەی ماڵەکاندا ئەندامی خاوەن پێداویستی تایبەت بە کەسێکی بارگران و کەم و کورت سەیر دەکرێن، تا ئەو ئاستەی هەستێکی زۆر نابەجێ و نامرۆڤانەیان لا دروست دەکەن، کە زۆرێکیان پەنا بۆ گۆشەگیری و زۆرجاریش بۆ خۆکوشتن دەبەن، تێڕوانینی کۆمەڵگەش بەرامبەر بە کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەت، تێڕوانینێکی ستەمکارانەیە و ئەوەش وایکردووە کاتی دەرکەوتنی لە ناو خەڵکی هەستی خۆبەکەمزانینی دەدەنێ، بۆیە ئەو کەسانە کاتێکیش بۆیان بگونجێت و بیانەوێت کارێك بکەن، ئەوە دەبێ سەد جار بیر بکەنەوە لەوەی کە ئەگەر بێنە دەرەوە، ئاخۆ کۆمەڵگە چۆن لێیان دەڕوانێت. خۆ ئەگەر زۆر چاکە و پیاوەتیشیان بەرامبەر بکرێت، ئەوە لە ڕێگەی بەزەییەوە دەکرێ، نەك بە چاوی ڕێز و خۆشەویستی.

« گوتیشی: «ڕۆژانە هەر یەکەمان بەلایەنی کەم چەند پیاوێك دەبینین کە ئەندامێك یا چەند ئەندامێکی جەستەیان نەماوە یا هەر نەیان بووە، بەڵام ژیانێکی ئاساییتر لە ئافرەتانی کەمئەندام بەسەر دەبەن. بۆ نموونە: ئەو پیاوانەی کەمئەندامن بە ڕێژەیەکی زۆر ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە و ژنەکانیشیان زۆر ڕێزیان لێدەنێن و زۆربەی جاران ئەو کچانەی کە قبووڵ دەکەن ببن بە هاوسەریان، کچانی بێ کەموکوڕین لە ڕووی جەستەوە، بەڵام زۆر کەم لە پیاوان ئامادەن ژنێك بخوازن، ئەگەر کەمئەندام بێت، جا ئەگەر ئاستی ڕۆشنبیریشی زۆر بەرز بێت، پیاوان لە ئاستی خۆیانیان نازانن، واتە زۆرینەیان بە دوای ئافرەتێکی تەواو لە جەستەدا دەگەڕێن و ئافرەتانی هاوشێوەی خۆیانیان قبووڵ نییە، لەبەر ئەوەی پیاوان کە ژن دێنن، هێندەی بیر لەوە دەکەنەوە کە بۆ خزمەتی خۆیان و ماڵ و منداڵیان ژن بهێنن، هێندە وەك پرۆسەیەکی گرنگ و تەواوکەری ژیانی خۆی و لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی لە ژنان ناڕوانن.»

بەپێی یاسای نێودەوڵەتی «کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت» هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە هیچ یەکێك لە شێوازەکان توانایان نییە پێداویستییە سەرەکییەکانی خۆیان فەراهەم بکەن، جا بەهەر هۆیەکەوە کە کار لەسەر توانای عەقڵی، یاخود جەستەیی بکات.

دەربارەی مافەکانی کەمئەندامان، لە خاڵی حەوتەمی جاڕنامەی ژمارە ٣٠/٣٤٤٧ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان (کە لە ١٢/٩/ ١٩٧٥ دەرچووە)، داواکراوە کەمئەندام مافی سوودمەندبوونی هەبێت لە بیمەی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، لەپێناو دابینکردنی ئاستێکی شایستەی ژیان، بە گوێرەی ئەو توانا فیکری و جەستەییەی

**کڕینی عەرەبانەیەکی زۆر ئاسایی تایبەت بە کەمئەندامان پێویستی بە زیاتر لە ٣٠٠ دۆلارە، کە ئەوە بڕێکی زۆرە و مووچەکە زۆر کەمترە لەوەی بتوانن پاشکەوتی بکەن، تا بتوانن عەرەبانەیەکی وای پێ بکڕن**

**هەر چەندە ڕێکخراوە مرۆییەکان ڕۆڵێکی باشیان هەبووە لە کەمکردنەوەی خەم و ئازاری کەمئەندامان و داوای زیادەی مووچە و دامەزراندنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکانیان کردووە و زۆر پلان و پێشنیاریان داوەتە حکومەت و پەرلەمان، بەڵام شانبەشانی حکومەت گلەیی لە کەرتی تایبەتیش هەیە کە هەوڵیان نەداوە لە کاتی دامەزراندنی کارمەند ڕێژەیەک بۆ کەمئەندام دابین بکەن**

**ئەگەرچی تاکی کەمئەندام لەگەڵ کەسی ئاسایی جیاوازی هەیە، بەڵام ناکرێت وەک تاکێکی بێتوانا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چونکە ئەمە نەک هاوکاری ناکات، بەڵکو کێشەکانی زیاتر دەکات**

**لە زۆربەی ماڵەکاندا ئەندامی خاوەن پێداویستی تایبەت بە کەسێکی بارگران و کەم و کورت سەیر دەکرێن، تا ئەو ئاستەی هەستێکی زۆر نابەجێ و نامرۆڤانەیان لا دروست دەکەن، کە زۆرێکیان پەنا بۆ گۆشەگیری و زۆرجاریش بۆ خۆکوشتن دەبەن، تێروانینی کۆمەڵگەش بەرامبەر بە کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەت، تێروانینێکی ستەمکارانەیە و ئەوەش وایکردووە کاتی دەرکەوتنی لە ناو خەڵکی هەستی خۆبەکەمزانینی دەدەنێ**

هەیەتی دەبێت هەلی کارکردنی بۆ بڕەخسێندرێت.

جۆرەکانی کەمئەندامی:

- کەمئەندامی جەستەیی کە چەند جۆرێکە:

ا- کەم ئەندامی هەستەکی: وەك نابینایی، نابیستایی.

ب- کەمئەندامی جووڵەیی: وەك جۆرەکانی شکانی ئێسکەکان، لە دەستچوونی دەمار، نا هارمۆنی ئیسك و ماسوولکە.

ج- کەمئەندامی ئەندامەکانی ناوەوەی جەستە: وەك ناسازییەکانی دڵ، دەمار، هەناسە، گورچیلە. هتد

- کەمئەندامی هزری کە ئەم جۆرانە دەگرێتەوە:

ا- بیرکۆڵی (دواکەوتوویی هزری) ب- نەخۆشی دەروونی

- هۆکارەکانی کەمئەندامی:
- کەمئەندامی دووچاربوون: لە ئەنجامی پێکدادان، رووداو و نەهامەتی سرووشتی، شەڕ، سووتان، نەخۆشی درێژخایەن و جێکەوتە خراپەکانیان، تاك دووچاری ئەم جۆرە کەمئەندامیە دەکەن.
- کەمئەندامی بۆماوەیی: هۆکارەکانی کەمئەندامی بۆماوەیی بە شێوەیەکی گشتی دەبنە دوو بەشەوە:

ا- هۆکارەکانی ماوەی دووگیانی: خراپی ژەمەخۆراکەکانی دایك، تەمەن زۆری دایك، رەچاونەکردن و خۆنەپاراستن لە ماوەی دووگیانی، تیشك، داودەرمان، نەخۆشی دایك و کێشانی جگەرە.

ب- هۆکاری کاتی لەدایکبوون: درێژخایەنی کاتی لەدایکبوون و بوونی کێشە لە هێنانەدەرەوەی کۆرپەکەدا، لە دایکبوونە ناتەندروستەکان کە رەچاوی مەرجەکانی تەندروستی نەکرێت، بەرکەوتنی کۆرپەکە لە کاتی لەدایکبووندا.

هەرچەندە پێشکەوتنی بواری زانستی پزیشکی لە سەردەمی خێرای ئێستادا توانیویەتی تا رادەیەك سنوورێك بۆ بە کەمئەندامبوونی مرۆڤەکان لە رووی جەستەییەوە دابنێت، بەڵام لەولاوە بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا جۆرێکی دیکە لە کەم ئەندامی (٣) بەسەر تاکەکاندا سەپاندووە، کە ئەویش خۆی لە (کەمئەندامی دەروونی)دا دەبینێتەوە، هۆکارەکانی بەرچاویشیان زیادبوونی رێژەی تاوان و خۆکوشتن و دیاردەی بەکارهێنانی ماددەی بێهۆشکەرە.



- رێگەکانی پێشگیریی لە کەمئەندامی:
- دوورکەوتنەوە لە هاوسەرگیریی لە نێو خزماندا.
- چاودێری درووستی ماوەی دووگیانی.
- خواردنی درووستی دایك.
- خۆبەدوورگرتن لە دووگیانبوون لە سەرووی تەمەنی ٣٥ساڵی و خوار تەمەنی ١٨ ساڵی.
- بەکارنەهێنانی چارەسەری پزیشکی لە ماوەی دووگیانیدا.
- خۆپاراستن لە تیشك و ناوەندەکانی بەکارهێنانی تیشك.
- ئەنجامدانی کردەی لەدایکبوون بەتەواوی مەرجە تەندروستیەکانەوە و لە ژێر چاودێری کەسانی شارەزا و خاوەن بڕوانامەی تایبەت بەو بوارە، کەسانێك کە دەتوانن رێگری بکەن لە زۆرێك لە جۆرەکانی کەمئەندامی.

مامەڵە و هەڵسوکەوتی خێزان لەگەڵ تاکی کەمئەندام پێویستە چۆن بێت؟

ئەم خاڵە گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەگەرچی تاکی کەمئەندام لەگەڵ کەسی ئاسایی جیاوازی هەیە، بەڵام ناکرێت وەك تاکێکی بێتوانا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چونکە ئەمە نەك هاوکاری ناکات، بەڵکو کێشەکانی زیاتر دەکات. کەسی کەمئەندام زۆرجار گرفتەکانی دەبنەڕێگر لە ئەنجامدانی هەندێك لە کارەکانی، یان بەشێك لە کارەکانی بە جۆرێکی دیکە ئەنجام دەدات، بەڵام زۆرێك لە کەمئەندامانیش پاش فێربوون و شارەزایی پێویست دەتوانن زۆرێك لە کارە ئاساییەکانی ژیان بەهەندێك جیاوازییەوە، یان کەمێك لەسەرخۆتر لە کارەکانی کەسانی ئاسایی ئەنجام بدەن. ئەوەی کەمئەندامێك پێویستیەتی قبووڵکردن و باوەڕبوونە بە تواناکانی، نەك خەمخواردن بۆ نەتوانینەکانی.

لەگەڵ کەسانی نابینا و نابیستا چۆن مامەڵە بکەین؟

لە مامەڵکردن لەگەڵ کەسانی نابینادا پێویستە هەوڵبدەین کە وەکو خاوەن بینایی بە سوودوەرگرتن لە بارودۆخی گونجاو مەهارەت و تواناکەسییەکانی پەرەپێبدات، بەهێزکردنی هەستەکانی دیکەی رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کاروبارەکانی سەرکەوتووتر دەکات. شێوازی ژیان و ئەساسییاتی ناوماڵ پێویستە بە جۆرێك رێکبخرێن کە نابینایەك بە ئاسانی بتوانێت بەو شتانە بگات کە پێویستی پێیەتی. خۆشبەختانە ئەمڕۆ بە سوودوەرگرتن لە ئەلف و بێی برێڵ، نابیناکان دەتوانن فێری خویندنەوە و نووسین ببن. لە مامەڵکردن لەگەڵ نابیستدا پێویستە بە ئارامی و وردی قسە بکەی و لەکاتی قسەکردندا با رووت لەوبێت، تاوەکو بتوانێت لە جووڵەی لێوەکانتەوە لە مەبەستت تێبگات، قسەکردن بە دەنگی بەرز دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو لە مەبەستی ئێمە تێنەگات، چونکە لەوکاتەدا جووڵەی دەم و لێو ئاسایی نابێت.

دلێر رەفیق بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمەڵەی ژینی کوردستان بۆ پەککەوتووانی دەست و پێ، قسەکانی بەوە دەستپێدەکات کە: «کەمئەندام بە گشتی بارودۆخێکی سەختیان هەیە، هەرچەندە لە ئێستادا لەوانەیە لە کوردستان٣٠٪ی داخوازییەکانیان هاتۆتەدی، ئەویش بە جێبەجێکردنی رێژەیەکی زۆر کەم لە یاسای کەمئەندامان، بەڵام ئەوەش مانای وا نییە کە بە تەواوی هاوکاری کراون. بۆ نموونە: کڕینی عەرەبانەیەکی زۆر ئاسایی تایبەت بە کەمئەندامان پێویستی بە زیاتر لە ٣٠٠ دۆلارە، کە ئەوە بڕێکی زۆرە و مووچەکە زۆر کەمترە لەوەی بتوانن پاشکەوتی بکەن، تا بتوانن عەرەبانەیەکی وای پێ بکڕن. بۆیە کێشەی سەرەکیی کەمئەندامان جێبەجێ نەکردنی یاساکەیە وەکو خۆی، هەر چەندە رێکخراوە مرۆییەکان رۆڵێکی باشیان هەبووە لە کەمکردنەوەی خەم و ئازاری کەمئەندامان و داوای زیادەی مووچە و دامەزراندنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکانیان کردووە و زۆر پلان و پێشنیاریان داوەتە حکومەت و پەرلەمان، بەڵام شانبەشانی حکومەت گلەیی لە کەرتی تایبەتیش هەیە کە هەوڵیان نەداوە لە کاتی دامەزراندنی کارمەند رێژەیەك بۆ کەمئەندام دابین بکەن، لێرەوە داواکارم لە خودی وەزیری شارەوانی نەورۆز خان کە رێنماییەك دەربکات بۆ پێدانی زەوی بە کەمئەندامان، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا موعاناتی ئافرەتی کەمئەندام زۆر لە هی پیاوان زیاترە و ئەوان زۆر مەغدوورن، یەکەم شت ئەو ئافرەتە کەمئەندامە باوەڕی بەخۆی نییە، دڵی بە داهاتووی خۆی وەکو ئافرەتێك خۆش نییە، زۆرجار خێزانەکان وادەکەن ئەو ئافرەتە بڕوا و متمانەی بە خۆی و توانەکانی نەمێنێ، چونکە هەمیشە بە سەقەت و پەککەوتە ناوی دەبەن، لە ئێستادا ئیش لەسەر ئەوە دەکەین کە خێزانەکان فێر بکەین چۆن رەفتار لەگەڵ کەمئەندام بکەن، بەتایبەت ئەگەر هاتوو کەمئەندامەکە لە رەگەزی مێ بوو.»

# چارەسەری دوژمنداری

## لە نێوان سوڵحی عەشایری و یاسادا

کێشـەی خوێنداری و حاڵەتەکانی دوژمنداری و تەنانەت بە دیاردەبوونی تۆڵەسـەندنەوە، لە زۆربەی وڵاتانی دواکەوتووی جیهان رەگ و ریشەیەکی قووڵی هەیە و تا هەنوکەش شتێکی بەرچاوە، کۆمەڵگەی کوردیش بەدەر نییە لەو پەتا نەگریسە و ئەگەرچی بەگشتی دیاردەکە رووی لـە کەمـی کـردووە و ئێستا بووەتـە حاڵـەت، بەڵام کـەم و زۆر هێشتا هەیە و بنبڕ نەکراوە. زۆرێك لە خاوەنەکانی ئەو جۆرە کێشانەش ئاماژە بەوە دەکەن کە هەندێك لە دوژمندارەکان بە سوڵحی یاسایی و عەشایریش واز ناهێنن و دوای سوڵحیش هەوڵی تۆڵەسەندنەوە دەدەن، بەرپرسێکی کۆمەڵایەتیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە ئەنجامی رۆتیناتی دادگاکان خەڵك پەنا بۆ سوڵحی عەشایری و مەکتەبی کۆمەڵاتی دەبەن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان را و سەرنجی خۆیان لەو بارەیەوە دەخەنەڕوو.



«ئێمە لەگەڵ بنەماڵەیەك ماوەی شەشە ساڵ بوو كێشەی خوێنداریمان هەبوو، بەڵام دوای هەوڵ و كۆششی پیاوماقووڵان و مامۆستا و مەلا و ریشسپی لەگەڵ یەكتر دانیشتین، سەرەتا ئامادە نەبووین كێشەكەمان بەرینە داگا، چونكە دادگا كاری رۆتینی زۆری تێدایە، دەبێ ماوەی چەند ساڵێك چاوەڕێ بكەین، بۆیە ویستمان كێشەكەمان بە سوڵحی عەشایری چارەسەر بكەین، كە كەسانی ریشسپی و خاوەن ئەزموون بەشداری تێدا دەكەن، دواتر نیمچە ئاشتبوونەوەیەك و ئارامكردنەوەی دەروونی هەردوولای لێكەوتەوە». ئەوە قسەی قادر مەحموودی تەمەن ٤٥ ساڵ بوو. ئەو یەكێكە لەو دەیان كەسەی كە كێشەی خوێندارییان هەیە و لەبارەی كێشەكەی خۆیشی زیاتر دەڵێت: «ئەنجامی هەموو سوڵحێكی عەشایری، دانی بڕێك پارەیە لە بەرامبەر خوێن و كێشەكە یەكسەر چارەسەر دەكرێت، دادگا گەرەنتی سەرهەڵدانەوەی كێشەكە ناكات، دواتر بكوژەكە لە گرتووخانە ئازاد بكرێ، لەلایەن خاوەنماڵەكە دەكوژرێتەوە، بۆیە سوڵحی عەشایری باشترە لە یاسا و دادگا، ئێمەش كێشەكەمان بەسەركەوتوویی كۆتایی پێهات».

كاوە ئومێد تەمەنی ٣٠ ساڵەو مامۆستای بنەڕەتییە و ئاماژە بەوە دەكات كە كەسێك لە بنەماڵەكەیان بەهۆی كێشەیەكەوە هەڵساوە بە كوشتنی كەسێك ودواتر دەستگیر كراوە و لەلایەن دادگاوە «١٥ ساڵ زیندانی» بۆ بڕایەوە، دواتر ئازاد كرا و دوای ئازادكردنیشی كوشتیانەوە، گوتیشی: «ئێمە سوڵحی عەشایریشمان كردبوو، بەپێی یاسای عەشایری دادگا هەر كەسێك حوكمی خۆی وەرگرت، نابێ بكوژرێتەوە، بەڵام ئەوان ئەو كارەیان ئەنجامدا و بۆ شوێنێكی دوور رایانكرد، ئێستا داوای سوڵح دەكەنەوە، بەڵام كەسوكای منیش جگە لە تۆڵەسەندنەوە بەهیچ شتێكی تر رازی نین».

ئەو مامۆستایە گوتیشی: «كێشەی دوژمنداری زۆر ناخۆشە، بەردەوام گومان لەخۆت دەكەی، چونكە لە كۆمەڵگەی عەشایری یاسا و دادگا هیچ حسابێكی بۆ ناكرێت، تەنانەت فەرموودەكان و دەقی قورئانیش هەستی تۆڵەسەندنەوە سارد ناكاتەوە و كاریگەرییان نییە، كوشتنی مرۆڤێك سانا نییە، بەڵام غەدر لەلایەن كەسێكەوە قبووڵ ناكرێ، جگە لەوەش چاودێری خەڵك و عەشیرەت زیاتر هاندەرە بۆ ئەنجامدانی تۆڵەسەندنەوە، ئەگەر نەیكەی بە كەسێكی ترسنۆكت دەزانن و بە چاوێكی سووك سەیرت دەكەن».

رەشید عەبدوڵڵای تەمەن ٣٣ ساڵ كرێكارە و سەبارەت بە هەمان كێشە دەڵێت: «كێشەی خوێنداری ئەنجامەكەیماڵوێرانی و ئاشتبوونەوەیە، چەندین كەس بەهۆی ئەو كێشەیەوە دەبنە قوربانی، ئینجا هۆش و خەیاڵیان دەجووڵێ و داوای سوڵح دەكەن». گوتیشی: «ئێمە ماوەی ١٠ ساڵ كێشەی خوێنداریمان هەبوو، ئەوان لایەنگری حزبێك بوون لەسەر داوای حزبەكە بۆ سوڵحكردن هاتنە پێشەوە، سەرەنجام كێشەكە بە سوڵحی عەشایری چارەسەر كراو لە بڕی خوێن پێنج دەفتەر (٥٠ هەزار) دۆلارمان بە خاوەن خوێنەكە دا، واتە حزبیش بۆتە ئامرازێك بۆ چارەسەركردنی كێشەی خوێنداری».

ئەو رایوایە «كێشەی خوێنداری لەم رۆژگارەدا نەماوە، بەڵام بە جۆرێكی تر سەری هەڵداوەتەوە، بۆ نموونە كەسێك بە رووداوی ئۆتۆمبێل كوژراوە، بنەماڵەكەی بیری تۆڵەسەندنەوە ناكاتەوە، تەنیا بە پارە رازی دەبێت».

نەریمان ئەحمەد پسپۆڕ لە بواری كۆمەڵناسی دەڵێت «چەمكی لێكتێنەگەیشتن یان دروستبوونی كێشەیەك لەنێو تاكەكانی كۆمەڵگە بە شتێكی ئاسایی هەژماردەكرێ، بەڵام لە كۆمەڵگەی كشتوكاڵی و خێڵەكیدا چەمكی مەعریفی و عەقڵانییەت باڵادەست نییە، بۆیە یاسای خێڵەكی و عەشایری جێگەی دادگای گرتۆتەوە، ئەمەش دەبێتە سەرەتایەك بۆ دروستبوونی یەكتر كوشتن و سەرهەڵدانی بیری تۆڵەسەندنەوە».

ئەو كۆمەڵناسە ئاماژە بەوەش دەكات كە ئەو دیاردەیە لە كۆمەڵگە كشتوكاڵییەكاندا زۆرترەو شارنشینەكان كەمتر باوەڕیان بە چەمكی تۆڵەسەندنەوە هەیە، گوتیشی «كۆمەڵگەی شارنشین فەرمی و یاساییین و دەیانەوێ لە رێگەی دادگاوە چارەسەری كێشەكانیان بكەن، بەڵام لە گوند رێگەی تۆڵەسەندنەوە و كوشتن بە نیشانەی ئازایەتی و هێز و بازوو دەزانن، عەقڵیەتی بیركردنەوە لەكۆمەڵگە كشتوكاڵییەكان سەبارەت بە یاسا عەقڵیەتێكی چەقبەستووە، بۆچارەسەركردنی كێشەی خوێنداری پیاوانی بەساڵاچوو، ریشسپی و سەرۆك هۆز رۆڵی دادوەر دەگێڕن، ئەنجامی سوڵحەكەش بە پارە یاخود بە ژن و موڵك كۆتایی پێدێت، بنەماڵەی بكوژەكەش مەرجە ناوچەكە بەجێبهێڵن». ئەو كۆمەڵناسە «وشیاری كۆمەڵگە و پێشكەوتنی تەكنەلۆژی و بیركردنەوەی تاكەكان بە شێوەیەكی كۆمەڵناسییانە» بە رێكارگەلێك دەزانێت كە یاسای خێڵەكی لەباردەبات و دەمارگیری خێڵەكی كەم دەكاتەوە. خوێندەواریشی بە «مینبەرێك بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیە ناوبرد».

بەختیار جاسم، وەك یاساناسێك سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هەر كەسێك هەڵبستێ بە كاری تۆڵەسەندنەوە لە بەرامبەر كێشەی خوێنداری، بەپێی یاسا بە تاوانبار دادەندرێ، یاسا هەڵدەستێ بەچارەسەركردنی ئەو كێشە و گرفتانە، چونكە لە هەر كۆمەڵگەیەك، تەنیا كاری تۆڵەسەندنەوە هەبوو، دەبێتە كۆمەڵگەیەكی جەنگەڵی و

**كێشەی خوێنداری سەرەتای ماڵوێرانی و ئەنجامەكەی ئاشتبوونەوەیە**

**چەندین كەس بەهۆی ئەو كێشەیەوە دەبنە قوربانی، ئینجا هۆش و خەیاڵیان دەجووڵێ و داوای سوڵح دەكەن**

**لە كۆمەڵگەی كشتوكاڵی و خێڵەكیدا چەمكی مەعریفی و عەقڵانییەت باڵادەست نییە، بۆیە یاسای خێڵەكی و عەشایری جێگەی دادگای گرتۆتەوە**

**تا ئێستا دەیان كێشەی خوێنداریمان چارەسەر كردووە و سەری هەڵنەداوەتەوە**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**سوڵحی عەشایری بەشێکە لەچارەسەری کێشەکە، بەڵام یاسا دانی پێدا نانێت**

**دادگا گەرەنتی سەرهەڵدانەوەی کێشەکە ناکات، بۆیە سوڵحی عەشایری باشترە لە یاسا**

یەکتر کوشتن و خەڵك ناتوانێ ژیان بەرێتە سەر»، ئەو پارێزەرە گوتیشی: «یاسا گوێ لەو کەسانە ناگرێ کە هەڵدەستن بە کاری تۆڵەسەندنەوە و دوژمنداری، پێویستە کێشەکە لەدادگا چارەسەربکرێت، حکومەت خۆی مافی ئەو کەسە دەستێنێ و ئەوکات دوژمنداری دروست نابێ». ئەوەشی خستەڕوو کە بەپێی یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی **١٩٦٨** لە ماددەی **٤٠٦** دەڵێت کاری تۆڵەسەندنەوە بە تاوان دادەندرێ و سزاکەشی قورسە، بۆیە پێویستە خەڵك بۆ سەندنەوەی مافەکەی پەنا بۆ یاسا بەرێ، نەوەك تۆڵەسەندنەوە، هەروەها سوڵحی عەشایری بەشێکە لەچارەسەری کێشەکە، بەڵام یاسا دانی پێدا نانێت».

لەلای خۆیەوە مەلا عەزیز محەممەد ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو کێشەی خوێندارییانەی بۆ لای ئەوان براون، زیاتر لەسەر «زەوی و شەرەف و پارە» بووە، جەختی لەوەش کردەوە کە ئێستا کێشەکان بەرەو کەمبوونەوە دەچن و گوتی «ئێمە بەدیلی یاسا نین، پەیوەندیمان بە دامودەزگای حکومییەوە نییە، بەڵام کە هەردوو خاوەن کێشەکە سەردانمان دەکەن، لەسەر داوای خۆیان کێشەکانیان چارەسەر دەکەین، لەو سوڵحەدا لیژنەیەك لەچەند کەسێك لە ئێمە و کەسوکاری ئەوان دروستدەکەین، بەچەند دانیشتنێك کێشەکە چارەسەر دەکەین، بۆ دڵنیایی هەردوولاش کۆنووسێك ئامادە دەکەین و ئیمزای لەسەردەکەن، کە جارێکی تر کێشەکە دروست ناکەنەوە»، گوتیشی: «تا ئێستا دەیان کێشەی خوێنداریمان چارەسەر کردووەو سەری هەڵنەداوەتەوە، لە لیژنەکەمان چەندین پیاوی ریشسپی و ئایینی و کەسایەتی حزبی تێدایە، ئێمە دەست ناخەینە ناو کاروباری دادگا، بەڵام لەبەر بوونی رۆتینیاتی کاری دادگا، خەڵکی خاوەن کێشە ناچارن پەنابەرنەبەر بەشی کۆمەڵایەتی حزبەکان، یان پیاوانی ئایینی تا کێشەکانیان بۆ چارەسەربکەن».

